# منداڵانی داشقه ی دارین

نووسه ر : یه ڵماز گۆنه ی

وه رگێڕ بۆ کوردی : ڕێناس جاف

منداڵ نووزه نووز و به ده م گریانه وه ، گه ڕایه وه ماڵ . باوک لێی پرسی:

چ بووه کوڕم ؟

منداڵ وتی : من داشقه م گه ره که، ئه کره م داشقه یێکی دارینی هه یه نایه ڵێ من سواری بم.

باوک وتی : کوڕم ئێوه پێکه وه ڕه فیق و هه ڤاڵن، داشقه یێک بۆ هه ر دووکتان به سه .

منداڵ وتی : ئاخر ئه کره م من سوار ناکا، هه ر بۆ خۆی سوار ئه بێ، من هه ر

کێشی ئه که م، پێم ئه ڵێ : " ئه م داشقه هی منه ، ئه تۆش هه سپی منی " .

کوڕم ئێوه ده مێکه پێکه وه ڕه فیقن ، ئێوه کوڕم زۆر دۆس و هه ڤاڵن و زۆریش یه کتان خۆش گه رکه

... پێم بڵێ بزانم چبووه ؟

منداڵ فرمێسکه که ی سڕی و وتی : باوکی داشقه یێکی دارینی بۆ خۆش (دروسکردن، چێکردن)

کردووه ! ئه و ده مانه ی داشقه ی نه بوو ، نێوانمان زۆر چاک بوو ، هه سپێکی دارینمان1 هه بوو ،

پێکه وه زۆر سواری ده بووین . به ڵام ئێستێ که باوکی ئه کره م ، داشقه یێکی دارینی بۆ دروس

کردووه ، هه ڵس و که وت و خوو و خده ی زۆر گۆڕاوه ، قه ت من سوار ناکا ، هه ر بۆ خۆی سواری

ئه بێ و منیش کێشی ئه که م . هه ندێ جاریش منالانی دی کێشی ئه که ن ...

ده ی ، ئه تۆ ئه وه ند مه یکێشه ...

من کێشی نه که م. منالانی دی ئه یکێشن، من پێی ئێژم : " ئه کره م ! با من سوار بم،

ئه تۆ نه ختێ بمکێشه ، دوایی تۆش سوار به و منیش داشقه که ت ئه کێشم "

ئێژێ " نابێ ،منالانی تریش پێیان خۆشه سوار ی داشقه که م بن "...

زۆر به داشقه که ی ئه نازێ ... وابزانم باوکی ڕه نگی سه وز و که وه (شین) شی بۆ کڕیوه و گه ره

کیه تی داشقه که شی بۆ ڕه نگ بکات .

به منالانی تریش بێژه داشقه که ی کێش نه که ن . کاتێ هه مووتان یه ک ده نگ و

یه ک قسه بن و یه کبگرن ، ئه و هیچی پێ ناکرێ و ئه و ده م ناچار ئه بێ

هه مووتان سوار بكات .

منالّه كان به گوێم ناكه ن ... هه موو هه ر دووی ئه كره م ده كه ون . له سه ر كێش كردنی داشقه كه ی ئه كره میش ، ئه چن به گژ یه كتردا... به ئه كره مم وت : " من دۆس و ڕه فیقتم ، منیش سوار كه ، تۆزێكیش ئه تۆ كێشم كه " وتی : "نابێ " نه من سوار ئه كا و نه منالّه كانی تریش.

باوكی هه ندێ تێفكری و وتی : كوڕم له و ده مه وه ی كه ئه م داشقه دارینه په یا بووه ، ئه كره م زۆر گۆڕاوه... ده ئێستێ گه ر ئه كره م داشقه ی نه بایه و من داشقه یێكی دارینم بۆ تۆ دروس كردبا ، دلّنیای كه ئه تۆ وه ك ئه كره مت لێ نه ده هات ؟

ئه و ده م تۆیش هه ر ته نیا خۆت سواری داشقه كه ده بووی و منالاّنی دیكه ش هه موو به دووتا ڕایان ده كرد! ئه تۆیش زۆر فیزت پێوه ده كرد، وا نییه ؟

من قه ت وه ك ئه كره مم لێ نه ده هات ، من ... من هه موو منالاّنم سوار ده كرد.

باوك بزه یێكی هاتێ و وتی : باش كوڕم ده ئێستێ كه وایه ، داشقه یێكی دارینت بۆ دروس ئه كه م، منالّ پڕ خۆشحالّ بوو و وتی : له داشقه كه ی ئه كره م زۆر جوانتر بێت. ڕه نگه كه شی با سوور بێت.

باوك خۆی مژولی (خه ریكی) دروسكردنی داشقه یێكی دارین كرد و منالّ به خۆشحالّییه و ه چاوه ڕوانی داشقه كه بوو كه باوكی بۆی دروس بكات .

كاتێ داشقه كه چێ بوو ، باوه شی كرد به ملی باوكیا و ماچی كرد و به ره و لای منالاّن چوو.

باوك كه له دووره وه چاوی له كوڕه ی بوو، دیتی هه تا(هه ركه ) یه ك له منالاّن ویستی سواری داشقه كه ی بێ ، كوڕه كه ی به تووڕه ییه وه چوو به گژیا و به سه ریدا زریكاندی : داشقه ی خۆمه !...

چه ن ساتێ دواتر له حالّێكدا كوڕه فووی كردبووه برناخانی، له ئه كره م نێزییك كه وته وه و بێ ئه وه ی لێی جوێ بێته وه ، یه ك به یه كی منالاّنی وا لێ كرد داشقه كه ی ، كێش كه ن .

ئه كره م وتی : داشقه كه ی من چاكتره .

كوڕه وتی : وه للاّ هی من جوانتره .

ئه كره م وتی : وه ره كێبه ركێ بكه ین.

باشه ، ئاماده م .

هه ر دووك فیز زلانه به نێو منالاّندا هه سپی خۆیان دیاری(ده س نیشان) كرد ...

باوک بزه ییکی تالّی هاتێ ... ژنه ی کابرا کاتێ دیتی مێرده که ی  هه ر وا له خۆڕا پێده که نێ
لێی پرسی :  خێر بێ. ئه و پیاوه که  بۆ وا پێئه که نی؟
کابرا  وتی : به و داشقه یه  پێکه نینم دێ .
ژنه  چاوێکی بڕیه منالّه کان . داشقه که ی ئه کره م و کوڕه که ی ، پێکه وه خه ریکی کێبه رکێ بوون!
" یه ک... دوو... سێ " هێشتا سێیان له ده م ده ر نه چووبوو، دوو داشقه  پێکه وه
که وتنه پێشبڕکێ ، ئه کره م و کوڕه ش  به ڕاته کاندنی ده س، وایان ئه نواند
ئه وه هه سپه و ئه وانیش شه لاقی پیا ئه کێشن  و قیژ و قاژییکیان  خستبووه ئه و ناوه "  هم...
هم...خێراتر"
منالّانی تریش ته واو نوقمی نێو کێبه رکێ  که  بوون ! به دوای داشقه کانا هه لّده هاتن ،له و نێوانه
شدا مێر منالّێ به ده ممدا که وتبوو و له پشته وه ی  داشقه کانه وه  یه ک بین ئه ینوزاند و  ده گریا .

وه رگێر بۆ فارسی   :   دوکتۆر ئیره ج نه وبه خت
سه رنجێ : له وه رگێڕ بۆ زوانی فارسی :

1: له لادێ و گه ڕه که هه ژار نشینه کانی شاردا،ئه و منالّانه ی که ل و په لی
یاری و گه مه کردنیان نییه سواری دارێ ئه بن و لاسایی ڕێکردنی هه سپان
ده که نه وه .

ورده خالّێک :  ئه مه به سه رهاتی منالّانی کوردیشه و من  بۆ خۆم له ژیانی
منالّیمدا ئه وانه م هه موو تاقی کردۆته وه .
ڕێناس جاف

Renas caf@yahoo.com